کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:04 9-6-2007

## حەقیقەتی یەکگرتوو ... وەڵامێک بۆ عەلی کوردستانی ... باوکی چرا

کاك عەلی کوردستانی زۆر نیە ئەو قسە گەورە وهەڵە شاخاویناەنەی کە دەیکەیت وخۆشت باوەڕت پێی نییە، تۆ نەك دەمامككت پۆشیوە لەوشوێنەی کاری تیادەکەیت ولەگەڵ وئەو دەستەیی کە بەم شێوەیە ڕاستیەکان ئاوە ژوو دەکەنەوە، ئاخر پێم بڵێ ئێوە چیتان بۆ کورد وکوردایەتی وئەم میللەتە بەستەزمانەکردووە، جگە لە فرۆشتن وسەدان جار جاشایەتی وپاشایەتی وخۆ تێر کردن وخۆ کردن بەفیرعەون بەسەریانەوە، ئاخر ڕۆژە نزیکەکانی هەشتاکان ونەوەدەکان خۆ تا ئێستا پۆساڵەکانی هەموو وڵاتانی دراوسی بە دەست وڕێنمایی برادەرەکانی تۆ لە کوردستاندا وەکو مشك وپشیلە تەراتێنیانە.

یەك مسقاڵ ئینسافت بێ کاك عەلی خۆ تۆ بەنانە ڕەقەی یەکگرتوو پەروەردە بویت، وباش دەزانی دەم چەوری ودەم تەوری، وچەند ڕووی وژێر بەرەیی لەناو یەکگرتوودا نییە، ئەو هەموو ئیفترائاتە بۆ چی؟، دیارە زیندەگی قورسە ونان پەیاکردنی تۆش نەك لە قورگی شێردایە بەڵکو لەکلکیدایە وپێویستە ئەوەها درۆ وئیفترا بکەیت تاوەکوو هەندی درهەم ودینارت بدرێتی لای ئاغاکانتەوە، ئەوجا ئەو وەزارەتانەی تۆ باسی دەکەیت کەی ئەوەندە بەلای یەکگرتووە وە گرنگ بووە تاوەکوو لەبەر زیاد کردنی ئاوەها هەوڵێکی بۆ بدات.

سەبارەت بە ئیسترادی فیکری یەکگرتوو هەڵەیەکی زۆر گەورەت کرد، ئەم قەوانە کۆن وڕوشاوە هێشتا هەر ماوە ولای جیهازە کۆنەکانی تۆ وهاوشێوەی تۆ هەر ئیش دەکات، ئاخر کەی وایە؟ ئەو کەسانەی باسی دەکەیت بیریار ونێکەرەوە بوون لەجیهانی ئیسلامیدا وکاریگەری وکارتێکرن کارێکی ئاساییە، ئەی بۆ ئەوەی ئێستا تۆ مانگانە موچەی لی وەردەگرێت هەر ڕۆژەی لە شوێنێك وکونجێکی ئەم دونیاوە فیکر وبیری بۆ ئەهێنایت ولەسەر دەمانێکدا ئەگەر یەکێك هەڵەیەکی بکردایە بیوتایە خرۆشۆف بەرچاوی کلی پێوەیە جەنگی جیهانی سێهەمتان بەرپا دەکرد، دە عەیبە باسی بابەتی وا دەکەیت، وام زانی بویتە نوسەر وبابەتیانە شت هەڵئەسنگێنیت؟ نەوەك بوقێکی کەسانی تر تەنها دەنگت هەیە کە فوت پیا دەکەن.

بۆ خاڵی دووەهەمی واقیعی چەند ساڵەی خەباتی یەکگرتوو با بکەینە سەنگی مەحەك ولەگەڵ پارتە لیبرالی ودیموکراتیەکانی تردا بەراوردی بکەین، ئەوسا دەزانین خەباتی یەکگرتوو چەندێ هێمنانە ودیموکراتیانە یە ولەناخیشدا دژە بەهەموو بیرێکی شمولی وتۆلیتاری، دە بڕوانە دەرو پشتی خۆت وئەوجا قسە بکە؟ ئاخر تۆ لەچ مەملەکەتێکدا دەژی؟.

کاکە گیان تۆ تا ئێستا لە علمانیەتیش تێنەگەیشتەیت، وخزمەتەکانی یەکگرتووش ناهەقت ناگرم لەبەچاوتا نییە، خۆ برادەرە گەورەکانی خۆتان دەڵێن یەکگرتوو ئیزافەیەکی عەمەلی بوو بۆ خەباتی نوێی گەلی کورد لەکاتێکدت کەس نەبوو چەندەها چەکی سوك وقورسی نەبێت ودەیەها قوللە بەرز نەکاتەوە، ومەکتەبی عەسکەریشی حوت ئاسا هەمووو واریداتی قوت دەدا وپرۆسەکەی هەموو ڕۆژێك ئەخستە بەردەم مەترسیەکی نوێوە، یەکگرتوو هات ووتی زۆر ئاساییە خەبات بکرێت لەکوردوستاندا بەبێ چەك، ئەی ئەمە ناو ئەنێت چی؟

یەکرگتوو ئاین ونەتەوە وەك گونێکی شێلراو بەیەکەوە دەبینێت هەر ئاوەهاش مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، وە هەموو هەوڵی کادرەکانی دەرەوە وناوەوەی یەکگرتوو ئەوەی وێنەیەکی جوان وڕاستەقینەی ئەم میللەت پەخش بکات، نەك ئەوەی تۆ ئەیلێت وئەیکەیت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوجا با پێت بڵێم یەکگرتوو لەو پەیماننامەدا نەبووە هەتا لێی پەشیمان بێتەوە؟ لە مەلا بەختیار بپرسە خۆ لێتەوە نزیکە؟ وستونەکەیسەرەتا ئەم قەیرانەی بخوێنەوە لەچاودێردا؟ یان لە مام جلال وکاك مسعود، کە ئەوان ئاگایان لەم چونەی یەکگرتوو بووە، ولەوێش ئەوەندەی داکۆکی لەمافی ئەم گەلە کردووە، کە مێژوو شاهیدە چی وتوە وچی کردووە.

دیارە موتابعەی روداوەکان ناکەیت؟ یەکگرتوو ڕونکردنەوەی پێشکەش کردووە نەك ئیعتزار نامە، ئەوی دووەمیان باش تێبڕەانە ئەگەر حەوسەڵەی موتابەعە کردن وبەدواداچوونت هەیە؟ بەڵام باوەڕ ناکەم چونکە لەتەم ومژی هەڵەدا نغرۆ بویت.

زۆر پێکەنینم بۆ وشە تەحریزەکانی دێت، لەلایەك خۆی بەبیریار دەزانیت، لەلایەك وەك ساویلکە باسی هەندێ چەمك دەکات لای یەکگرتوو زۆر پیرۆزە، ئەی نۆ هەزار کەس لەسەر کەپکی حەمەد ئاغا کوژران ناوی ئەنێیت چی؟

ئاخر ساویلکەیی کاك عەلی لەوەدایە هەر باسی پەشیمانی دەکات، وئایەتێکیش دەکاتە دەسکەلایی وهیچ رەبیتێکی نییە، وئیسلامیەتی یەکگرتوو زۆر ڕوونە پێویست ناکات بیانی بکەین، ولەم بەینەشدا هیچ دەمامکێك نییە، بەڵکو دەمامك لەوێیە کە تۆش نازانیت کەرکوك چی بەسەر دێت وکێ یاری بە چارەنوسی ئەم میللەتەوە دەکات، بۆ ئەمە دوو سەرچاوەت پێ ئەڵێم ئەگەر ئەرك نییە بیخوێنیتەوە (یاداشتەکانی برێمەر) وکتێبەکەی محمد العرب (ئەوەی برێمەر یاداشتی نەکرد) ئەوجا تێڕوانە وتێفکرە.

لە کۆتاییدا بزانە یەکگرتوو ڕۆڵەی ڕەسەنی ئەم خاکەیە بە فیکر وبیر وبازوو هەوڵی بەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەدات، وبۆ ئەم حەقەش مامە حەمەیەتی بۆ کەس ناکات، وبەبیرێکی ئیسلامی ڕەسەنەوە کار دەکات وهیچ دەمامکی نەپۆشیوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.